سودانی پیرەزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەکات بەبۆنەی ئینجامدانی هەڵبژاردنی سەندیکاکە



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پیرەزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق و ڕۆژنامەنوسان کرد بەبۆنەی ئینجامدانی هەڵبژاردنی سەندیکاکە

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدستی موتەبع کوتووە،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پیرەزبایی لە نەقیبی تازە هەڵبژێردراوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق خالید جاسم و جێگرەکانی و ئەندامانی ئینجومەنی سەندیکاکە کرد کە لە هەڵبژاردنی سەندیکاکان ڕۆژی هەینی بەڕۆچوو سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

سودانی هیوای سەرکەوتنی خواست بۆ کەمپەینی ڕۆژنامەوانی عێراقی و سەندیکای ڕۆژنامەوانی لە بەهێزکردنی کاری ڕۆژنامەوانی و جێبەجێکردنی پەداویستیەکانی خزمەتگوزاری سەندیکاکان بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی متمانە بەم پیشە بنیاتنەرە کە بەردی بناغەی ژیانی دیموکراسییە لە عێراقدا.

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران پابەندبوونی حکومەتی دووپاتکردەوە بۆ پاراستنی ئازادیەکانی ڕۆژنامەگەری

و مافی هاووڵاتی بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی بابەتیانە و پیشەیی کە متمانە بەخۆبوون دەپارێزن و بەرگری لە ڕاستییەکان دەکەن و خزمەت بەو ئازادییانە دەکەن کە دەستوور و یاسا دەستەبەری کردووە بەڵام زیان پابەندبوونی دەوڵەتی بە پێشکێشکردنی هەموو پشتیوانییەکی یاسایی و جەبەجەکاری پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و میدیا دووپاتکردەوە.